پێنووسی (تاوان نوسین) لەسەر سێ کۆمەڵ هەڵگیراوە: خەوتوو هەتا بەخەبەر دێتەوە، ومنداڵ هەتا باڵغ دەبێت، وشێت هەتا باشدەبێت وهۆشی دێتەوە

لە عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێنووسی (تاوان نوسین) لەسەر سێ کۆمەڵ هەڵگیراوە: خەوتوو هەتا بەخەبەر دێتەوە، ومنداڵ هەتا باڵغ دەبێت، وشێت هەتا باشدەبێت وهۆشی دێتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي والنسائي -له الكبرى- وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە نەوەکانی ئادەم بەرپرسن وئەرکە شەرعییەکان لەسەریان واجبە مەگەر سێ کۆمەڵ نەبێت: منداڵی بچووك هەتاوەکو گەورە وباڵغ دەبێت. وشێت کە ئەقڵی لەدەستداوە هەتاوەکو ئەقڵ وهۆشی بۆ دەگەڕێتەوە. وخەوتوو هەتاوەکو لە خەو هەڵدەستێت. ئەم کۆمەڵانە ئەرکە -تەکلیفە- شەرعییەکان لەسەریان واجب نییە، وئەگەر گوناهـ بکەن لەسەریان نانووسرێت، خێر وکردەوەی چاك بۆ منداڵ دەنووسرێت بەڵام بۆ شێت وخەوتوو نانووسرێت؛ هۆکارەکەی ئەوەیە ئەمانە پەرستنیان لێ قبوڵ ناکرێت چونکە پەرستنیان نادروستە بەهۆی نەبوونی هەست وەرککردن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58148